# شیکاری وێنەکانی پەرتوکی (خوێندنەوەی کوردی- قۆناغی بنەڕەتی) بە پێی تیۆری ڕێزمانی خوێندنەوەی وێنە- کرس و وەن لیوون

**م.ی. سەروەر سعدالله صالح** **د. ئازاد عزیز سلیمان**

زانکۆی چەرچوو، کۆلێژی زمانەوانی کارەکی، بەشی زمانی کوردی

زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی زمانی کوردی

**پوخته**

کرس و وەن لیوون بە سودوەرگرتن لە ڕێبازی ئەرکی هالیدای، توانیان ڕێبازێکی نوێ و کاریگەر بە ناوی (ڕێزمانی خوێندنەوەی وێنە)، بهێننە کایەوە. ئەوان بە ئاشکرا بانگەشەی ئەوە دەکەن وەکو چۆن ڕێزمان یارمەتی خوێنەر دەدات، تاوەکو پەی بە ڕستەی ئالۆز ببات، بە هەمان چەشن، ئەم ڕێزمانە ڕۆڵێکی گرنگی لە تێگەیشتندا هەیە، چونکە ئەم ڕێزمانە ئەو هەموو لایەنە ئاشکرادەکات، کە لە وێنەدا بەشاراوەیی ماونەتەوە. بەم پێیە سێ جۆر واتایان داهێنا، کە بریتین لە (نواندنەوەیی، کارلێکی، تێکستی) دیاریکرد، کە لە ڕێگەیانەوە لایەنە شاراوەکانی وێنە دەردەخەن و کاریگەریی ئەرێنی لەسەر تێگەیشتن لای بینەر- خوێندکار بەجێدەهێڵن. ئامانج لە نووسینی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە هەر سێ پەرتوکی (خوێندنەوەی کوردی- قۆناغی بنەڕەتی)، بازنەی دووەم(چوارەم، پێنجەم، شەشەم)، بەپێی ڕێبازی ناوبراو بخرێنە ژێر شیکارکردن و لێکۆڵینەوەوە. ئەنجامی توێژینەوەکەش ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو، کە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی وێنەی پەرتوکەکان بەپێی هەر سێ واتای (نواندنەوەیی، کارلێکی، تێکستی)، شایانی ڕەخنە و هەڵگری کەموکورتیین و نەیانتوانیوە ڕۆڵێکی کاراتر لە گواستنەوەی واتادا بە بینەر- خوێندکار بگەیەنن. بەتایبەت لە ڕووی دابەشکاریی بەشداربووان و کەسایەتییەکانی ناو وێنەکان و بەراوردکردنی وێنەکان بە دەقەکانی پەرتوکەکە، هەروەها گۆشەنیگای کامیرای وێنەکان، هەست بە لاوازی و کەموکورتیی دەکرێت.

**وشە سەرەکییەکان:** ڕێزمانی خوێندنەوەی وێنە، واتای نواندنەوەیی، کارلێکی، تێکستی، پەرتوکی خوێندنەوەی کوردی

## 1. پێشەکی

بەدڵنیاییەوە دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ کەسانی تر شتێکی گرنگە

**پێشەکی :**

**١- ناونیشان و بواری توێژینەوهکە:**

ناونیشانی توێژینەوەکە (شیکاری وێنەکانی پەرتوکی (خوێندنەوەی کوردی- قۆناغی بنەڕەتی) لە بازنەی دووەم، بەپێی تیۆری ڕێزمانی خوێندنەوەی وێنە- کرس و وەن لیوون) یە، مەبەست سەرەکی باسەکە دیاریکردنی وێنە بەکارهاتووەکانی نێو پەرتووکەکانی قۆناغی بنەڕەتین، و شکردنەوەی واتایی وێنەکان، بۆ ئەمەش سوود لە ڕێبازێکی نوێ و کاریگەر بە ناوی (ڕێزمانی خوێندنەوەی وێنە) وەرگیراوە، کە لە بواری زمانەوانی کارەکیدایە.

**٢- سنوری توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە بواری زمانەوانی کارەکییە، تایبەتکراوە بە شیکردنەوە و لێکدانەوەی واتایی وێنە بەکارهاتووەکانی پرۆگرامی (خوێندنەوەی کوردی- قۆناغی بنەڕەتی بازنەی دوو(چوارەم و پێنجەم و شەشەم) و داتاکانیش لە سنووری دیالێکتی ناوەڕاستە.

**٣- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە ڕێبازی زمانەوانی وەسفیی شیکارییە، بەپێی ڕێبازی کرس و ون لیوون، کە ڕێبازێکی نوێ و کاریگەرە بە ناوی (ڕێزمانی خوێندنەوەی وێنە)، هەروەها سوود لە ڕێبازی ئاماریش وەرگیراوە بۆ خستنەڕووی ژمارەی وێنە بەکارهاتووەکان.

**٤- هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە:**

لەبەر گرنگی وێنە لە پرۆگرامی قۆناغی بنەڕەتی، هەروەها کاریگەرییەکانی لەسەر ڕێژەی تێگەیشتنی خوێندکاران.

مجلّة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4، العدد 2 (2023)
أستلم البحث في 14 سبتمبر 2022؛ قُبل في 12 أكتوبر 2022
ورقة بحث منظمة: نشرت في 05 يوليو 2023
البريد الإلكتروني للمؤلف: sarwar.sadulla@charmouniversity.org
حقوق الطبع والنشر © 2023 سەروەر ، ئازاد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

**٥- گرفتی توێژینەوەکە:**

گرفتی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی وێنەی پەرتوکەکان بەپێی هەر سێ واتای (نواندنەوەیی، کارلێکی، تێکستی)، شایانی ڕەخنە و هەڵگری کەموکورتیین و نەیانتوانیوە ڕۆڵێکی کاراتر لە گواستنەوەی واتادا بە بینەر- خوێندکار بگەیەنن. بەتایبەت لە ڕووی دابەشکاریی بەشداربووان و کەسایەتییەکانی ناو وێنەکان و بەراوردکردنی وێنەکان بە دەقەکانی پەرتوکەکە، هەروەها گۆشەنیگای کامیرای وێنەکان، هەست بە لاوازی و کەموکورتیی دەکرێت.

**٦- پرسیاری توێژینەوەکە:**

هەوڵدەدەین لە ئەنجامی توێژینەوەکە بگەینە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

مەبەست لە تیۆری ڕێزمانی خوێندنەوەی وێنە -کرس و وەن لیوون چییە؟

ئایا لایەنە شاراوەکانی وێنە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر تێگەیشتن لای بینەر- خوێندکار بەجێدەهێڵن؟

ئایا وێنەی پەرتوکەکان بەپێی هەر سێ واتای (نواندنەوەیی، کارلێکی، تێکستی)، شایانی ڕەخنەن؟ و ئایا هەڵگری کەموکورتیین، یان توانیویانە، ڕۆڵێکی کاراتر لە گواستنەوەی واتادا بە بینەر- خوێندکار بگەیەنن؟

**- ناوەڕۆك و هێڵەگشتییەکانی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی لە دوو بەش پێکهاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێکخراون:

بەشی یەکەم: بە ناونیشانی بنەمای تیۆری، ئەم سەرەباسانە دەگرێتەخۆی: واتایی نواندنەوەیی و واتایی کارلێکی و واتایی پێکهاتەیی(تێکستی)

بەشی دووەم: ئەم بەشە بە ناونیشانی شیکاری وێنەکانی پەرتوکی خوێندنەوەی کوردی، لەسەر بنەمای تیۆری ڕێزمانی خوێندنەوەی وێنە- کرس و وەن لیوون، لەژێر ڕۆشنایی ڕێبازی ناوبراو شیکردنەوە بۆ وێنەکان کراوە، لە ڕووی واتای نواندنەوەیی و واتایی کارلێکی و واتایی پێکهاتەیی(تێکستی).

لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەو ئەنجامانە خراوەنەتە ڕوو، کە هەردوو توێژەر لە کاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا پێی گەیشتوون. دواتریش پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراوەتەڕوو، هەروەها لیستی سەرچاوەکان دیاریکراون.

**بەشی یەکەم:**

**بنەمای تیۆری:**

کرس و ون لیوون و بە سودوەرگرتن لە ڕێبازی زمانناسی ئەرکی هالیدای توانیان ڕێبازێکی تازە و کاریگەر بە ناوی( ڕێزمانی خوێندنەوەی وێنە) بۆ خوێندنەوەی وێنە تەرخان بکەن، خودی ئەم ڕێبازە لەسەر بنەمای پێشگریمانەی نیشانەناسی کۆمەڵایەتی ڕیشەی خۆی داکوتی. ئەم تیۆریزانانە لەسەر ئەو باوەڕن کە ((وەکو چۆن ڕێزمان یارمەتی خوێنەر دەدات، تاوەکو پەی بە ڕستەی ئاڵۆز ببات، بە هەمان چەشن، ڕێزمانی خوێندنەوەی وێنەش ڕۆڵێکی گرنگی لە تێگەیشتندا هەیە، چونکە ئەم ڕێزمانە ئەو هەموو لایەنە ئاشکرادەکات، کە لە وێنەدا بەشاراوەیی ماونەتەوە.))، (حبیب احمدی و همکاران، 1399، 130). هاوکات ئەم ڕێبازە ڕێگە بۆ پرۆسەی فێرکردن و فێرخوازان خۆش دەکات، تاوەکو بتوانن شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ وێنەکان بکەن و زۆرترین زانیاریی وەربگرن(علی روحانی، خدیجه دیری، 100: 1396)، کرس و وەن لیوون لە ڕێبازەکەیاندا سێ جۆر واتا ئاشکرادەکەن، کە بریتین لە واتای (نواندنەوەیی، کارلێکی، تێکستی(پێکهاتەیی) ). لێرەدا بە کورتی پێناسە و پۆلێنکردنەکانیان دەخەینەڕوو.

**1. واتای نواندنەوەیی:**

کرس و ون لیوون باوەڕیان وایە، کە بەرهەمهێنان و پیشاندانی وێنەکان، خۆی لە خۆیدا زانستێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە ئەوەی کە لە وێنەکاندا هەن بوونێکی دانەبڕاویان هەیە و وابەستە و یەکانگیرن بە ژیانی ئێمەوە. بۆ نمونە واتای نواندنەوەیی لە ڕێگەی ( مرۆڤ، شت، شوێن)ەوە بەرجەستە دەکرێت. ئەوان بۆ واتای نواندنەوەیی، دوو جۆر چەمك، یاخود پرۆسەیان داهێنا، کە بریتین لە (تێگەیی، گێڕانەوەیی). واتای نواندنەوەیی بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەدایە وێنەکان دەربارەی چین؟ چ بابەتێك، یان پرسێك لە وێنەکاندا نیشاندراون؟ ئەمانە ( پیاو، ژن، منداڵ، شت) بە چییەوە دەگیرێن؟

لە وێنەکاندا واتای نواندنەوەیی پێش هەموو شتێك لە ڕێگەی کەسەکان، شتەکان، شوێنەکان، یاخود بەشداربووانی وێنەکانەوە دەکێشرێت. (طرحان و صابری، 1396: 121). لە ڕوانگەی (جویت و ئایاما 2004) گێڕانەوە نوێنەر و دەرخەری کارێك، یان ڕووداوێکە، کە لە ڕێگەی بوونی (هەڵگر)ەوە خۆی نیشاندەدات. بەگشتی هەڵگر هێڵێکی پێویستە، کە بەشداربووان ناچار بە پێکەوەیی دەکات و خوێنەرش ناچار دەکات بێتە ناو بابەتەکەوە و بەشداریی خۆی هەبێت. هەروەها هەڵگر وا دەکات وێنەکان بخەینە ژێر پرسیارە و لە ڕۆڵی بەشداربووانی ئامادە ڕامانمان هەبێت و بپرسین چ کەسانێك چالاك، یان ناچالاکن و بابەتی باس چییە؟ (هەمان سەرچاوە، 1396: 122).

دەتواندرێت گێڕانەوەش بۆ دوو دەستە پۆلێنبکرێت، ئەوانیش کردەی ( کار، کردانەوەیی)یە. کردەی کار، ئەو کردانەن کە تیایاندا کارێکی فیزیکی بەشداربووان پێکەوەگرێدەدات. هەرچی کردەکانی کردانەوەش هەیە، ئەو کردانەن کە بەشداربووە نوێندراوەکان کارێك کاری تێکردوون و هەر لەلایەن ئەو کارەوە دیاریدەکرێن( رضایی و سجودی، 1394: 120)، هەروەها بە باوەڕی وەنلیون و کرس (1996) پێویستە ئەو کردانەوەیە لەلایەن بەشداربووانەوە، واتە (کردانەوەگەر)ەوە ئەنجامبدرێت و ئەوەیشی کە توانای کاردانەوەی هەیە (زیندەوەر)ە، مەرجیشە مرۆڤ، یان ئاژەڵ بێت. لە لایەکی ترەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەو وێنانەی هەڵگیراو نین تێگەیین، واتە (چەمکین) و لەڕووی وێنەکاری شتەکان، شوێنەکان، کەسانەوە ڕاڤە و پۆلێنبەندی دەکرێن. لێرەدا پێکهاتەکانی واتای نواندنەوەیی لەم خشتەیەدا بخەینەڕوو:

| | کۆمەڵە | ژێر کۆمەڵە | |
|---|---|---|---|
| حاڵەت | پرۆسە | گێڕانەوە | کار |
| | | | کاردانەوەیی |
| | | | ئاخاوتنی(گفتوگۆ) |
| | | | هزری |
| | | | ئاڵوگۆڕیی |
| | | چەمك | چینبەندیی |
| | | | شیکاریی |
| | | | هێمایی |
| | کەسایەتی | گشت/بەش | |
| | | ناوچەیی | |
| | | کارتون/ وێنە | |
| | ژینگە | دەرەکی | ناوچەیی |
| | | | جیهانی |
| | | ناوخۆیی | ناوچەیی |
| | | | شار |
| | | | کۆمەڵگە |
| | | | قوتابخانە |
| | | | خانەواده |

(علی روحانی، خدیجه دیری، 107: 1396).

**٢ . واتای کارلێکی:**

وێنەکان دەتوانن پەیوەندی دیاریکراوی نێوان ئێمە و جیهانی دەوروبەر دیاریبکەن. بەم پێیە وێنەکان لەگەڵ بینەردا کارلێك دروستدەکەن و هاندەدەن، تاوەکو مەیلێکی زیاتری بۆ ئەو شتە هەبێت، کە دەیبینێت. لەم جۆرە واتایەدا لای خوێنەر سێ هۆکار کاریگەرە، ئەوانەش ( نێوەند، پەیوەندی، گۆشەنیگا)یە. ئەم هۆکارانە پێکەوە دەتوانن پەیوەندییەکی ئاڵۆز و زیرەکانە لە نێوان نوێندرا و بینەردا بهێننەکایەوە. بوونی ئەم هۆکارانە ئەگەرە، بۆ ئەوەی کە خوێنەری ژن و پیاو، مامەڵە و کارلێکی جیاوازیان بۆ وێنەیەك هەبێت. دیسان هەمان ئەگەر کراوەیە، کە گروپی تەمەن، چینی کۆمەڵایەتی و چین و توێژە جیاوازەکان، هەڵگری هەستێکی هاوبەش نەبن لە خوێندنەوە و شیکارکردنی وێنەیەکدا. دەکرێت بگوترێت ئاڕاستەی تەماشاکردنی بەشداربووانی وێنە، هەروەها پەلکێشکردنیان بۆ ناو وێنە، یان پەیام دەکات و ئەو داواکارییەی کە لە ڕێگەی وێنە دەخرێتەڕوو، واتای کارلێکی سازدەکات. لێرەوە ئەوەش ڕوونەبێتە، کە زۆرجار کەسانی ناو وێنەکان شتێکیان لە خوێنەر دەوێت و داواکارییەك ئاڕاستەی خوێنەر دەکەن، یاخود خوێنەر سەرکۆنە دەکەن. تەنانەت هەندێك جاریش لە خوێنەر ئاوڕنادەنەوە(شیما زرگر بالای جمع و همکاران، 1399: 430).

**3.واتای پێکهاتەیی (تێکستی) :**

ئەرکی پێکهاتەیی هەمان، ئەرکی دەقی هاڵیدایە، کە مەبەست لێی " ئەوەیە، کە چۆن وێنە دروستدەبێت و چۆن دەقێتی وەردەگرێت. کرس و وەنلیوون باوەڕیان وایە، کە(( واتای پێکهاتەیی، یان دەقی، هەردوو توخمی کارلێکی و نواندنەوەیی پێکەوە گرێدەدات و دەیانکات بە یەك پارچە.))( حبیب احمدی و همکاران، 1399: 130). بەگشتی ئەم واتایە لە ڕێگەی (نرخی زانیارییەکان، پێکهاتەبەندیی وێنە، بەرجەستەسازیی)، ئەنجامدەدرێت. نرخی زانیارییەکان پەیوەندی بە چۆنیەتی چنینی توخمەکانەوە لە پێکهاتەیەکی تایبەتدا هەیە. واتە ئەوەی کە توخمی دیاریکراو لە لای چەپ، یان ڕاست، سەرەوە، یان خوارەوە، سەنتەر، پەراوێز، فەزای وێنە، دەقەوە دانراوە. (محیا برکت، سمیەسادات شفیعی: 1398: 69).

**بەشی دووەم: شیکاری وێنەکانی پەرتوکی خوێندنەوەی کوردی، لەسەر بنەمای تیۆری ڕێزمانی خوێندنەوەی وێنە- کرس و وەن لیوون**

لە زۆر لە سیستەمە فێرکارییەکاندا، پەرتووکە فێرکارییەکان کاریگەرترین هۆکاری فێربوونن. ئەم جۆرە پەرتوکانە، لە پرۆسەی بەجێهێنانی فێربووندا، هەمیشە لە ژینگەی پۆل و دەرەوەی پۆل، کۆمەکارێکی ڕاستەقینەی خوێندکار بوونە، چونکە ڕێنماکارن و وەکو سەرچاوەیەکی زانستی بەکەڵك کاردەکەن. یەکێك لە شێوازەکانی فێربوون، تەماشاکردنی وێنەیە، لە ڕاستیدا مرۆڤ بە تەماشاکردنی وێنە و دیزاین، دەستەجێ ئەوانە بۆ هزر دەگوازێتەوە و بە شێوەی وێنە لە یادگەیدا هەڵدەگیرێت. بە واتایەکی تر وێنە ڕۆڵێکی سەرەکی و کلیلی لە دەستەبەجێ گواستنەوەی واتادا هەیە. ئەم ڕاستیەش سەرنجی زمانناسێکی وەکو تاملینسونی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و بە ڕوونی بانگەشەی ئەوە دەکات، کە بەهای وێنەیەك، بە ئەندازەی هەزار وشەیە.

لە سەردەمی هاوچەرخدا، وێنە دەورێکی یەکجار گرنگی هەیە، چونکە وێنەش هاوشێوەی دەق، هەڵگری ڕۆنانی واتایە و واتا دەخاتەڕوو، لەگەڵ ئەمەیشدا دیدگای نوێ لە جیهانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ کەشفدەکات، چونکە دەقە وێنەییەکان، وەکو دەقە زمانییەکان، هەڵگری نیشانەن و پەیامگەیەنرن(لیلا نظری طرهان، کورش صابری، 1396، 120).کەواتە بەڵگەنەویستە، کە وێنە کارئاسانی لە زووتێگەیشتندا دەکات و پەردە لەسەر واتا تاریکەکان هەڵدەدات و چەندین کۆدی زمانی دەشکێنێت. دەتوانرێت ئەم ڕاستیەش ئاشکرا بکرێت، کە ڕاڤە و شیکارکردن تەنها لە ئاستی زماندا ئەنجامنادرێت، بەڵکو دەقە نازمییەکانیش، بەتایبەت وێنە دێتە ناو ڕاڤە و شیکارکردنەوە. کرس و ون لیوون بە بەهرەوەرگرتن لە ڕێبازی زمانناسی ئەرکی هاڵیدای ڕێبازێکی تازەیان بە ناوی ڕێبازی (ڕێزمانی خوێندنەوەی وێنە)، لەسەر بنەمای پێشگریمانەی نیشانەناسی کۆمەڵایەتی بۆ خوێندنەوەی وێنە هێنایەکایەوە. توانیان سێ واتای نواندنەوەیی، کارلێکی، تێکستی لە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی وێنەدا جێگیربکەن. لێرە بەداوە شیکاری وێنەکانی پەرتوکی (خوێندنەوەی کوردی- قۆناغی بنەڕەتی)، بازنەی دووەم(چوارەم، پێنجەم، شەشەم) دەکەین بە پێی تیۆری ناوبراو.

**1.واتای نواندنەوەیی:**

وەکو پێشتر خستەمانە ڕوو، کە بەرهەمهێنان و پیشاندانی وێنەکان، خۆی لە خۆیدا زانستێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە ئەوەی کە لە وێنەکاندا هەن بوونێکی دانەبڕاویان هەیە و وابەستە و یەکانگیرن بە ژیانی ئێمەوە و واتای نواندنەوەییش لە ڕێگەی ( مرۆڤ، شت،

شوێن)ەوە بەرجەستە دەکرێت و خۆی لە دوو پرۆسەدا دەبینێتەوە، ئەوانیش( گێڕانەوەیی، چەمکی)یە. لێرەدا چەند وێنەیەك دەخەینەڕوو، پاشان شیکاری بۆ دەکەین.



**وێنەی یەکەم: خوێندنەوەی کوردی، بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی (2016:12)**

بە پێی پرۆسەی گێڕانەوەیی، دوو بەشداربوو لە وێنەکەدا هاتوون، کە سەرقاڵی گفتوگۆکردنن. دلێین خوێندکارێکی زیرەکە کە لە پۆلی چوارەمی بنەڕەتی دەخوێنێت، ڕۆژێکیان لەگەڵ دایك و باوکی لە باخچە دانیشتبوون و گفتوگۆیان دەکرد. دلێین بە باوکی گوت: ئەمڕۆ مامۆستا پرسیاری ئەوەی کرد، کە بۆچی کەشوهەوای گوند لە شار خاوێنترە؟ کەس وەڵامی نەدایەوە و گوتی بۆ خۆتان پرسیاربکەن. لێرەدا ئەوەی کە جێی سەرنج و ڕامانە ئەوەیە، کە ژینگەی گفتوگۆکردنەکە، لەگەڵ گێڕانەوەی ڕووداوەکە جیاوازییەك دەبیندرێت. ئەویش ئەوەیە، لە دەقی پەرتوکەکەدا، ئاماژە بۆ دوو ڕووداو کراوە. ڕووداوی یەکەم گفتوگۆی دلێین و مامۆستاکەیەتی، ڕووداوی دووەم گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە بۆ دایك و باوکی دلێین. ئەو ڕەخنەیەی کە ڕووبەڕووی پەرتوکی خوێندنەوەی کوردی، دەکەین ئەوەیە، دەبوو لە وێنەکەدا ژمارەی بەشداربوونی خوێندکار زیاتر بوونایە، واتە بە شێوەی گروپدا بووایە.



وێنەی دووەم: خوێندنەوەی کوردی، بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی (2016:20)

ئەم وێنە، یەکێکی ترە لە وێنەکانی خوێندنەوەی کوردی، پۆلی چوارەمی بنەڕەتی، کە باس لە پشووی هاوینە دەکات و فێربوونی خولەکانی فێرکردن دەکات. وێنەکە خۆی لە واتای نواندنەوەیی، لە جۆری گروپدا دەبینێتەوە و بەشداربووی سەرەکی مامۆستایە و بەشداربووانی دیکە، خوێندکارن و بڕیاریانداوە لە بنکەی فێربوونی خولی کۆمپوتەر ناونووسی بکەن. وێنەکە واتای گێڕانەوەیی نیشاندەدات، بەوەی کە مامۆستا وەکو بەشداربووی سەرەکی و خوێندکاران پێکەوە گفتوگۆدەکەن. مامۆستا سەرقاڵی خۆناسینی

بەشداربووندایە. ئەوەی کە جێی ڕامانە ئەوەیە، کە دانەرانی پەرتوکەکە ڕەچاوی ژینگەی خولەکەی نەکردووە، بەوەی کە نازاندرێت، ژینگەی خولەکە، ژینگەیەکی تەواو فێرکاریی و خۆماڵییە، یان ژینگەیەکی دەرەکی و دروستکراو.



وێنەی سێیەم: خوێندنەوەی کوردی، بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی (2016:66)

ئەم وێنەیە لە پەرتوکی خوێندنەوەی کوردی، پۆلی پێنجەمی بنەڕەتیدا هاتووە و خۆی لە واتای نواندنەوەییدا دەبینێتەوە، کە تێیدا یەك بەشداربووی هەیە، ئەویش بە شێوازی تاکەکەسییە، واتە بە شێوازی گروپ نییە. وێنەکە دیمەنی کوردەواری نیشاندەدات، بەوەی کە میللەتی کورد، خاوەن شوناسنامە و دابونەریت و کەلتوری خۆی هەیە و دەیەوێت هەمان کەلتور و شوناس بۆ هزری خوێندکاری کوردزمان بگوازێتەوە، تاوەکو لە ڕێگەیەوە هەست بە خۆکردن بکەن و بتوانن پارێزگاریی لێبکەن. ئەوەی کە ڕووبەڕووی ئەم وێنەیە دەکرێتەوە، ئەوەیە کە لەگەڵ دەقی پەرتوکەکەدا تەواو یەکسان و یەکانگیر نییە، بەوەی کە دەقەکە باس لە کوردستان و خاکەکەی دەکات، کە خاکێکی بەپیت و بەفڕ و دەوڵەمەندە، بێگومان ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر پرۆسەی فێربوون دادەنێت.



وێنەی چوارەم: خوێندنەوەی کوردی، بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی (2016:61)

لە پەرتوکی خوێندنەوەی کوردی، بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی، جگە لە پرۆسەی گێڕانەوەیی پرۆسەی چەمکی دەبیندرێت. وێنەکەی سەرەوە، بەشداربوونی نییە، واتا هیچ جۆرە گفتوگۆیەك بەدیناکرێت، بەم پێیەش وێنەکە هەڵگری واتایەکی چەمکیی، لە جۆری هێمادایە و هزری خوێندکار دەجوڵێنێت، بەوەی کە شێرۆ و شیلان خوێندکارن و پێکەوە دراوسێن، پێکەوە لە قوتابخانە دەهاتنە دەرەوە و دەچوونەوە بۆ ماڵ، لە ڕێگەکە باسی وانەکەیان دەکرد، کە مامۆستاکەیان باس لە مەشخەڵی ئۆلۆمپی

بۆ کردوون. لە وێنەکەدا چەند بازنەیەك دەبیندرێت، کە بە ئاگر دەوردراوە، ئەمەش هێمایە بۆ ئەوەی کە یۆنانییەکان (گریك)، هەموو جارێك یارییەکانی ئۆلۆمپیان دەستپێدەکرد، پێشەکی دەچوون مەشخەڵێکیان لە ئاگرەکەی شاری (ئۆلۆپ) دادەگیرساند و دەیانهێنایە ناوەڕاستی یاریگاکە و ڕایاندەوەستاند.


کردستان

وێنەی پێنجەم: خوێندنەوەی کوردی، بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی (2016:79)

هاوشێوەی وێنەی چوارەم، وێنەی پێنجەمیش سەر بە واتای چەمکییە و لە جۆری شیکارییدایە و تێیدا بواری ڕۆژنامەگەریی کوردی و سەرەتاکانی دەگێڕێتەوە، بێئەوەی کە کەسایەتی بەدیبکرێت. بەجۆرێك کە لە وێنەکەدا هیچ کارێك ڕوونەداوە، بە واتایەکی تر دەکرێت بگوترێت وێنەکە گێڕانەوەیی نییە، بەڵکو شیکارییە و یەك بەشداربوو هەیە، ئەویش لۆگۆی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییە و هەوڵدەدات کاریگەری بخاتە سەر هزری خوێندکار و بەو ڕێگایە ئاڕاستەیان بکات، کە توانای بیرکردنەوە و شیکارکردنیان هەبێت.

**٢.واتای کارلێکی:** وەکو پێشتر خستەمانە ڕوو، وێنەکان دەتوانن پەیوەندی دیاریکراوی نێوان ئێمە وجیهانی دەوروبەر دیاریبکەن. بەم پێیە وێنەکان لەگەڵ بینەردا کارلێك دروستدەکەن و هانیدەدەن، تاوەکو مەیلێکی زیاتری بۆ ئەو شتە هەبێت کە دەیبینێت. لەم جۆرە واتایەدا لای خوێنەر سێ هۆکار کاریگەرە، ئەوانەش (نێوەند، پەیوەندی، گۆشەنیگا)یە. ئەم هۆکارانە پێکەوە دەتوانن پەیوەندییەکی ئاڵۆز و زیرەکانە لە نێوان نوێندرا و بینەردا بهێننەکایەوە. لێرەدا هەوڵدەدەین، بە پێی واتای کارلێکی، چەند وێنەیەك لە پەرتوکی خوێندنەوەی کوردی، قۆناغی بنەڕەتی بخەینە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەوە.



وێنەی پێنجەم: خوێندنەوەی کوردی، بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی (2016:18)

ئەم وێنەیە، لە ڕوانگەی واتای کارلێکییەوە، نیشاندەری واتایە و هەوڵدەدات کارلێك لە نێوان خۆی و خوێندکاردا دروستبکات. ئەوەی شایانی گوتنە ئەوەیە، کە هیچ کەسایەتییەك نابیندرێت. لە لایەکی ترەوە دەکرێت بگوترێت، کە گۆشەنیگای کامیرا ڕووبەڕووە و دەتوانێت خوێندکار، لەگەڵ بابەتەکە تێکەڵبکات، بەڵام ئەوەی کە وەکو ڕەخنەیەك، ئاڕاستەی پەرتوکەکەی دەکەین، ئەوەیە، کە دەکرا بەشداربووی خوێندکار لە ڕەگەزی (نێر، مێ) و مامۆستا لە ڕەگەزی (نێر، مێ) لە وێنەکەدا هاتبان، تاوەکو زیاتر پەیوەندی دورستبکردایە و خوێندکاری بۆ ناو وێنەکە پەلکێش بکردایە، چونکە ((ئەوە تەنیا بە یارمەتی زمانە، کە دەتوانین ئەو بابەتانەی لە وێنەکاندا دەیبینین، لە پێش زەمینە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکەی خۆیاندا نیشتەجێ بکەین و تەنیا لێرەوەشەوە وێنەکان مانا دەبەخشن.))، (ڕێبوار سیوەیلی، 253: 2005).



وێنەی پێنجەم: خوێندنەوەی کوردی، بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی (2016:24)

بە پێی دەقی پەرتوکەکە، بەیانییەکی بەهار ئاژەڵ و باڵندەکان، بەوپەڕی گەشبینییەوە بە دوای کاری خۆیاندا دەگەڕان، ورچ بە خۆبایبوونێکی زۆرەوە بەناو دارستانەکەدا دەڕۆیشت و هێز و دەسەڵاتی خۆی نیشاندەدا و دەستی دەخستە ناو لقەکانی درەختەکانەوە و دەیشکاند و فڕێدەدانە سەر زەوی. لەو دەوروبەرە مەیمونێك پەیدادەبێت و چاوی بەم ڕەفتارەی ورچەکە کەوت و کەوتە گفتوگۆکردن لەگەڵی. کاتێك لە وێنەکە ورددەبینەوە، ئەوە بەدیدەکەین، کە دوو بەشداربوو هەیە، ئەوانیش دوو ورچن، بێ ئەوەی کە، لە وێنەکەدا مەیمون و باڵندە هەبن. گۆشەنیگای کامیرا ئەوە نیشاندەدات، کە ورچەکان بە شوەیەکی ڕاستەخۆ تەماشای خوێنەر ناکەن و ڕووخساریان توڕە دەردەکەوێت، کە هێمان بۆ لەخۆبایبوون و ڕەفتاری ناشیرین. لە ڕاستیدا باشتر وابوو مەیمونیش، کە هێمایە بۆ پاراستنی دەرەخت لە وێنەکەدا هاتبایە و ڕووبەڕووی ورچەکە بوەستانایە، بەمەش زیاتر کاریگەری لەسەر خوێندکار دروستدەکرد و زووتر دەیتوانی پەیوەندی لەگەڵ وێنەکە و دەقەدا دروستبکات.



وێنەی شەشەم: خوێندنەوەی کوردی، بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی (2016:61)

وێنەی بەردەست، لە حاڵەتی پیشاندان و خستنەڕووی کەسایەتێکی جیهانییە بە ناوی (نۆبڵ)، کە سەرقاڵی بیرکردنەوەیە. ئەوەی دەردەکەوێت ئەوەیە بە هیچ شێوەیەك تەماشای بینەر ناکات. گۆشەنیگای کامیراش ڕووبەڕووی بینەر نییە، ئەمە نیشاندەری ئەوەیە، کە لەگەڵ بینەر، یاخود خوێندکاردا کارلێك ناکات و دەرگیری بابەتەکەی ناکات.

**٣.واتای تێکستی:** واتای پێکهاتەیی، یان تێکستی، هەردوو واتای پێشوو کارلێکی و نواندنەوەیی پێکەوە گرێدەدات و دەیانکات بە یەك پارچە. بەگشتی ئەم واتایە لە ڕێگەی (نرخی زانیارییەکان، چوارچێوەندیی وێنە، بەرجەستەسازیی)، ئەنجامدەدرێت. لێرەدا هەوڵدەدەین، چەند وێنەیەك وەربگرین و شیکاریی بۆ بکەین.



وێنەی حەوتەم: خوێندنەوەی کوردی، بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی (2016:91)

دەردەکەوێت وێنەی حەوتەم هیچ کام لە پێکهاتەکانی واتای تێکستی، وەکو(چوارچێوەبەندیی، نرخی زانیاریی، بەرجەستەسازیی)، تێدا بەدینەکراوە، بەجۆرێك کە هەموو بەشەکانی کۆمپیوتەری نیشاندراو بە یەك ئەندازە دروستکراون، ئەمەش وایکردووە شوێنی زیاتر داگیربکات. ئەمە وێڕای ئەوەی، کە چوارچێوەبەندیی و دیزاین بۆ وێنەکە نەکراوە، ئەمەش هۆکارەکە کە ڕێگرێت لە جوڵاندنی هزری خوێندکار. لە لایەکی ترەوە، ئەوەی جێی سەرنج و ڕامانە (سەنتەر) ڕەچاونەکراوە، واتە شاشەکە بەشێکی گرنگی کۆمپیوتەرە و کراوە بە پەراوێز.



وێنەی هەشتەم: خوێندنەوەی کوردی، بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی (2016:91)

وێنەی هەشتەمیش هاوشێوەی ڕەچاوی چوارچێوەندیی وێنەکە نەکراوە. ئەمە لە کاتێکدایە نرخی زانیاریش تێدا فەرامۆشکراوە، واتە بەشداربوو کە خوێندکارێکە و ناوی دلێنە، کراوەتە لای چەپەوە. لە لایەکی ترەوە، دیمەنی قوتابخانەکە، کە ناوەرۆکی بابەتەکە، کراوە بە پەراوێز و دلێن، کە پەراوێزە وەکو نمونە لە پەرتوکەکەدا باسکراوە، کراوە بە سەنتەر.

4.بەراوردکردنی شیکاری و ئاماری هەر سێ پەرتوکی خوێندنەوەی کوردی، قۆناغی بنەڕەتی:

سەرەتا لە هەنگاوی یەکەمدا ژمارەی وێنەکان، پاشان ژمارەی لاپەڕەکانی هەر سێ پەرتوکەمان داناوە، وەکو لە خشتەکەی خوارەوە دەردەکەوێت. وەکو لە خشتەکەدا

| پرۆسە | پۆلی چوارەم | پۆلی پێنجەم | پۆلی شەشەم |
|---|---|---|---|
| گێڕانەوەیی | 21 | 17 | 16 |
| چەمکی | 13 | 10 | 24 |

خشتەی ژمارە(2)

دەردەکەوێت، پەرتوکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی زۆرترین ئاماری وێنەی داگیرکردووە، کە دەکاتە (40) وێنە لە کۆی (72)لاپەڕە. بێگومان ئەمەش وەکو لایەنێکی ئەرێنی بەهێز دەبینین، بەوەی کە کاریگەری لەسەر فێربوون زیاددەکات. دوابەدوای ئەمە پەرتوکی پۆلی چوارەم، ڕێژەیەکی بەرچاو وێنە بەکارهاتووە. هەرچی پەرتوکی پۆلی پێنجەمە، کەمترین وێنەی لەخۆگرتووە.

| پەرتوك | ژمارەی وێنەکان | ژمارەی لاپەڕەکان |
|---|---|---|
| پۆلی چوارەم | 34 | 92 |
| پۆلی پێنجەم | 27 | 66 |
| پۆلی شەشەم | 40 | 72 |

خشتەی ژمارە (1)

لە لایەکی ترەوە لە خشتەکەی خوارەوە، ئاماری واتای نواندنەوەیی، واتە هەردوو پرۆسەکە (گێڕانەوەیی، چەمکی) دەخەینەڕوو. هەروەکو لە خشتەکەدا ڕوونکراوەتەوە، لە کوردی پۆلی چوارەمدا زۆرترین ڕێژە بۆ پرۆسەی گێڕانەوەیی تەرخانکراوە، کە دەکاتە (24) وێنە. ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە، کە بواری گێڕانەوە و گفتۆکردن زیاتر بۆ خوێندکار ڕەخساوە. دوابەدوای ئەمە، پرۆسەی گێڕانەوە لە خوێندنەوەی کوردی پۆلی پێنجەم بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەکارهاتووە. هەرچی پرۆسەی چەمکی، واتە مەفهومی هەیە، لە هەر سێ پەرتوکەکەدا بەدیکراوە. بەجۆرێك تەنیا لە پەرتوکی پۆلی پێنجەمدا بەکارهێنانەکەی بەرچاوترە، کە دەکاتە (24) وێنە، ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە، زەمینەی شیکاریی و لێکدانەوەی هێنا بۆ خوێندکار ڕەخساوە. دوای ئەمە کوردی پۆلی چوارەمە، کە ڕێژەکەی بەرچاوترە، کە دەکاتە (13) وێنە. کوردی پۆلی پێنجەمیش بێبەشنەکراوە لە پرۆسەی چەمکی و بەکارهێنانەکەی دەکاتە (10) وێنە.

## ئەنجام:

1.کرس و ون لیوون ڕێبازێکیان بە ناوی ڕێزمانی خوێندنەوەی وێنە هێنایەکایەوە و لە ڕێگەوە هەوڵیاندا، شیکردنەوەی واتایی بۆ وێنە بکەن، چونکە وێنەش وەکو دەقە و هەڵگری ڕۆنان تایبەت بەخۆیەتی و بەئاسانی کاریگەریی لەسەر هزری خوێندکار و پرۆسەی خوێندکار دادەنێت.

2. دەرکەوت، کە پەرتوکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی زۆرترین ئاماری وێنەی داگیرکردووە، کە دەکاتە (40) وێنە لە کۆی (72) وێنە. بێگومان ئەمەش وەکو لایەنێکی ئەرێنی بەهێز دەبینین، بەوەی کە کاریگەری لەسەر فێربوون زیاددەکات. دوابەدوای ئەمە پەرتوکی پۆلی چوارەم، ڕێژەیەکی بەرچاو وێنە بەکارهاتووە، کە دەکاتە (34)وێنە لە کۆی (92) لاپەڕە، کە ئەمەش وەکو ڕەخنەیەکە، ئاڕاستەی پەرتوکەکەمان کردووەتەوە. هەرچی پەرتوکی پۆلی پێنجەمە، کەمترین وێنەی لەخۆگرتووە، کە دەکاتە (27) وێنە، لە کۆی (66) لاپەڕە.

3. پاش شیکارکردنی وێنەکانی پەرتوکی خوێندنەوەی کوردی بۆ قۆناغی بنەڕەتی، بازنەی (چوارەم، پێنجەم، شەشەم)، لەسەر بنەمای واتای گێڕانەوەیی و چەمکی گەیشتین بەو ئەنجامەی، کە هەر سێ پەرتوکی ناوبراو لە هەڵبژاردن و دانانی وێنەکان هەڵگری کەموکورتیی و ڕەخنەن، ئەمەش وایکردووە، کە خوێندکار ئاوێتەی بابەتەکە نەکات.

4. لە وێنەکانی هەر سێ پەرتوکی خوێندنەوەی کوردیدا، ئەو ڕاستییەمان ئاشکراکرد، لە بەراوردکردنی وێنەکان لەگەڵ دەقەکاندا هەست بە جیاوازی دەکردرێت. واتە وێنەکان کەسایەتی، یاخود بەشداربوویان کەمە و لە ئاست فێربووندا نییە، کەچی لە بەرانبەردا لە دەقەکاندا ئاماژە بە کەسایەتی زۆرتر کراوە.بێگومان ئەمەش زیاتر لە پەرتوکی خوێندنەوەی کوردی پۆلی پێنجەمدا هەستی پێکراوە.

5. وێنەکان کارلێك لەگەڵ بینەردا دەکەن و دەتوانن پەیوەندی دروستبکەن، بەڵام گۆشەنیگای وێنەکان هەڵگری کەموکورتیی و ڕەخنەن، چونکە بە شێوازێکی پێشکەوتوو نەیانتوانیوە کارلێك لەگەڵ خوێندکاردا بکەن، ئەمەش لە هەر سێ پەرتوکی خوێندنەوەی کوردیدا ڕوویداوە. لە لایەکی ترەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین، کە

چوارچێوەبەندیی و دیزاین بۆ وێنەکان نەکراوە، ئەمەش ڕێگرە لە بەردەم جولاندنی هزری خوێندکار، هەروەها ئەوەی جێی سەرنج و ڕامانیشە ئەوەیە سەنتەربوونی وێنەکان ڕەچاونەکراوە، واتە ئەو بەشداربووەی وێنەکان، کە سەنتەر و جێی باسە لەگەڵ دەقەکان کراوە بە پەراوێز و ڕامانی نەخراوەتە سەر.

6. تارادەیەك دانەرانی پەرتوکەکان لە دابەشکردنی بەکارهێنانی پرۆسەی گێڕانەوەیی و چەمکیدا سەرکەوتوو بوونە، بەوەی کە پرۆسەی گێڕانەوەیی لە خوێندنەوەی کوردی پۆلی چوارەم و پێنجەمدا ڕێژەکەی زیاتر، ئەمەش هۆکارە بۆئەوەی خوێندکار ئامادەی کەشی گفتوگۆکردن و گێڕانەوە بکرێت، بەڵام لە خوێندنەوەی کوردیدا پۆلی شەشەمدا، ڕێژەکە پێچەوانە دەبێتەوە و پرۆسەی گێڕانەوە ڕێژەکەی زیاتر دەکات، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە خوێندکار توانای لێکدانەوەی هێما و شیکارکردنی وێنەکانی هەبێت.

**Analysis of pictures in the book (Kurdish Reading - Primary Stage) according to the grammar theory of picture reading - Kress and van Leeuwen**

Asst. lecturar Sarwar Saadallah Saleh, University of Charmo, College of Applied Linguistics, Department of Kurdish Language
Mobile: 07707662266
Email: sarwar.sadulla@charmouniversity.org
Dr. Azad Aziz Sleman, Salahaddin University, College of Basic Education, Department of Kurdish Language

**Abstract:** Taking advantage of Halliday's task method, Kress and van Leeuwen were able to develop a new and effective method called the grammar of image reading. They openly claim that just as grammar helps the reader to understand complex sentences, it plays an important role in understanding because it reveals all the aspects that remain hidden in the picture. Accordingly, they invented three types of meanings, namely (representational meaning, interactive meaning and framing) through which they reveal the hidden aspects of the image and leave a positive impact on understanding among the audience-student. The aim of writing this research is to analyze all three books (Kurdish reading – basic stage- second cycle (fourth, fifth, sixth grades) according to this method. The results of the research show that the evaluation and analysis of book images according to all three meanings (representational, interactive, framing), are worthy of criticism and have shortcomings and have not been able to convey a more effective role in conveying meaning to the audience. Especially in terms of the distribution of the participants and characters in the pictures and comparing the pictures with the texts of the book, as well as the camera angle of the pictures shows that there are weaknesses.

**Keywords:** Picture reading grammar, representational meaning, interactive meaning, framing , Kurdish reading book

**سەرچاوەکان:**

کوردی:
ڕێبوار سیوەیلی(2005)، دنیای شتە بچووکەکان، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج، هەولێر.
دانانی لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە (2016)، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی،
علی روحانی، خدیجە دیری(1396)، بررسی بعد بازنمایی تصاویر کتاب های انگلیسی دورە اول متوسطە در چارچوب چاپی نۆیەم، هەولێر.
دانانی لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە (2016)، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی، چاپی نۆیەم، هەولێر.
دانانی لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە (2016)، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلیشەشەمی بنەڕەتی، چاپی نۆیەم، هەولێر.
فارسی:
نشانەشناسی اجتماعی، پژوهش های زبانشناختی در زبان های خارجی، دورە 7، شمارە 1، بهار و تابستان.
لیلا نظری طرهان، کورش صابری (1396)، بررسی نشانەشناختی تصاویر کتب کودکان بر اساس رویکرد نشانەشناختی اجتماعی: مطالعە موردی کتاب فارسی پایە اول دبستان، فصلنامە مطالعات زبان ها و گویش های غرب ایران، دانشکدە ادبیات و علوم انسانی، دانشگاە کرمانشاە، سال پنجم، شمارە 19، زمستان 1396.
محیا برکت، سمیەسادات شفیعی (1398)، نشانەشناسی اجتماعی حضور زنان در تصاویر کتاب های غیر درسی کوردکان، فصلنامە علمی مطالعات فرهنگ – ارتباطات، سال بیستم، شمارە چهل و هشتم، زمستان 1398
حیبب احمدی، زهرا باباسالاری، سعید یزدانی و علی ربیع (1399)، بررسی تصاویر درسنامەی آموزش زبان فارسی بر اساس رویکرد نشانەشناختی اجتماعی، پژوهش نامەی آموزش زبان فارسی بە غیر فارسی زبانان، سال نهم، شمارە اول، بهار و تابستان 1399
شیما زرگر بالای جمع، شهرام مدرس خیابانی، محمد جواد حجازی (1399)، بازنمود گفتمان در تصاویر کتاب های آموزش زبان انگلیسی (prospect) و (Visions) از دیدگاە نشانەشناسی، مطالعە موردی: قومیت و مکان، جستارهای زبانی، دوماهنامە علمی پژوهشی، شمارە 6، بهمن و اسفند 1399
رضایی و سجودی (1394)، بازنمایی جنسیت در متون دیداری کتاب های آموزش زبان انگلیسی بە غیر انگلیسی زبانان از منظر نشانەشناسی اجتماعی تصویر، جستارهای زبانی، شمارە 6